نرخی نەوت بەرزبوویەوە

نرخی نەوت ئەمڕ سێشەممەی جارێکی دیکە لەبازاڕەکانی جیهان بەرزبونەوەی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش قەرەبوی بەشێك لە زیانەکانی ڕۆژی پێشوی کردەوە، وەبەرهێنەران هێشتا نیگەرانن لە شەڕی بەردەوامی غەززە لە نێوان ئیسرائیل و حەماس کە لەنگەی بەرەو ململانێیەکی بەرفراوانتر لە ناوچەی هەناردەکاری نەوت هەنگاو بنێت، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی پچڕانی ئەگەری دابینکردن. بەگوێرەی بڕسەی جیهانی وزە، نرخی بەرمیلێك نەوتی خاوی برێنت 70 سەنت بەرزبوەوە کە دەکاتە 0.8% و گەیشتوەتە 90.53 دۆلار، هاوکات نرخی نەوتی خاوی ڕۆژاوای تەکساسی ئەمریکیش 71 سەنت بەرزبوەتەوە کە دەکاتە 0.8% و گەیشتوەتە 86.20 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك. دوێنێ دوشەممە نرخی هەردو جۆرەکەی نەوت زیاتر لە 2% دابەزی